# سووتان بەبۆنی بارانی نامۆ بوون

دەقی: تەهاسلێمان

ئەم دەقە تێڕامانێکە لە شیعرو چیرۆک و پەخشان و گوزارشتە لە یادەوەری ئەنفال،...هاوکات هەوڵی خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ بابەتگەلە بزر بوەکانی قوربانیانی ئەنفال...

## نامیق

نامیقە(1) فەقیرەکە فەرنجیەکەت دانێ!
ئاخر خواردنی بەرکوڵی ئەم عەسرە چایەمان بەسەلکێ دووان دۆینەی گەنمە قەنارییەوە، بێئامادەبوونی تۆ، بێشمشاڵ ژەنینێکی تۆ مانایەک نادا، مەڕۆ هۆ نامیقی فەقیر(!) ئەم ئێوارەیە کیژانی کانی فاتم لەچاوەڕوانی هاتنی تۆدا، دواچۆڕی سیلاوی فرمێسکی چاویان ڕشت، بگەڕێوە ئینسانە فەقیرەکەی هۆگر بەسرووشتی مازووخ(2)، بەڕۆشتنت خوا لێلایی داهات و نەیتوانی بەکەس بڵێ ئێوە عەبدی منن، دەمەڕۆ هەی پاکتر لەتەهارەتی نوێژ، کەتۆ ڕۆشتی ئاوەسپی(3) بەسەروچاوەی ووت ئیتر ئاو مەنێرەو فرمێسکی گریانم بۆ نامیق نایەڵێت ئەم رووبارە وشک بکات(خوێنەری بەڕێز پەلە مەکە نامیق و نامیقەکانی هاوڕێی دەبنە قارەمان و کەرەستەی ئەم دەقە ، بەرەو دوا ئاوڕێ! ئەوە بارەی پڕ هاواری مەڕێکی گەرحای تۆیە بەدەست ئەم ڕۆشتنەوە ئینسان دەکاتە قەرەبرووت، دەی ئاوڕێ بەرەو دوابدەوە ئەوە دەزگیرانەکەی تۆیە بانگت دەکاو دەڵێ: هۆ نامیق! هۆ نامیق بێسیغارو توتنەکەت مەڕۆ، هۆ نامیق! هۆ نامیق ئەم کل و کلدانەی کەنیشانەی یەکەم یادگاری نێوانمانە لەگەڵ خۆت ببە بۆوەی بیرت نەچێ بۆ هەمیشە خۆشم دەوێی، ئاوڕێ بەرەو دوا، ئەی سپی ترین ئینسان، دایکت وەک کاراب زەرد هەڵگەڕاوەو قەدەم خێر وەیلۆ وەیلۆیەتی و بێهاتنەوەی تۆ ژیر نابێتەوە، ئاوڕێ تکایە، ئەم ڕۆشتنەت ڕۆحی شمشاڵ ژەنەکانی لەت و پەت کرد و ئاوێنەی عەشقی وردو خاش کرد، مەڕۆ نامیق(!) بەرگەی سووتانی ئەم نامۆبوونە ناگرین و کەڵۆز بەیاغاریش لەدوا دیداردا بەگریانەوە ئیزنی داین، ڕەشبەڵەکێک بوو بە پشکۆو کەمەرەی زیوینی ناو قەدی نۆبوو کێک پڕ بەگەروو هاواردەکا :
چۆڕێ ئاو
نەختێ ڕۆشنایی

فریادڕەسێ
بگەڕێوە تەماشایەکی پچڕانی ملوانکەی زەنگیانەی گەردنی ئێوارانی پڕ لەعەشقی ئاسۆی دەم کەلی مازووخ بکە و بنواڕە ئەوە پۆلێک کۆترە شینکەی پەڕو باڵ کراوە لەپێشوازیتا کڕنۆش دەبەن، ئاوڕێ قەتار ئەڵاوەیسی بۆنی ڕۆشتن و نامۆبوونی تۆی لێدیَ و ژووانی حیکایەت و نووکتە خۆشەکانی عەشق چاوەڕێی گەڕانەوەتە، بگەڕێوە
بەیانی باش و ئێوارەباش و
ژووانی کانی و
ئینسان و
مەڕو پشیلە و
کۆترو
چۆلەکە و
گوێدرێژو
بزن و
نوێژی تەڵاقدانی خواو
شمشاڵ و
باران و
هەرچی زیرۆح هەیە،
چاوەڕوانی گەڕانەوەی تۆن..

پەراوێز
1. نامیق شمشاڵ ژەن و شوان کارەیەکی هەژاری گەرمیان بوو ئەنفال بردی و لە نوگرە سەلمان کۆچی دوایی کرد
2. زنجیرە چیایەکە لە ناوەڕاستی گەرمیان و ئێجگار بەردەڵانی و بێئاوە
3. ڕووبارێکە لە گەرمیان

# مەحمود (1)

مەحمودی هاجەر ماڵی نیە ، ئەو.... لەگۆی زەویدا، لەسوێسکەیەک و قەفەسێک و مەتارەیەک ئاو زیاتر شک نابا، ئەو.... هێشتا ساڵی باڵقبوونی تێنەپەڕاندبوو، تووشی تێک چوونی دەروونی ببوو، وەلێ لە هاوەڵەکانی ژیرترو تیژتربیری دەکردەوە، ئەو....

پێش ئەوەی ئافات ئێسک و پرووسکی هەرچی زیرۆح هەیە تێک بشکێنێ و کوژەکەی بەرتەوێڵی مناڵەکانمان بدزێ، ڕۆژێکیان دوای گریانێکی بێهوودە وتی: هەمووتان بەمەرگێکی نائاسایی دەمرن و بۆ هەتایە ئێرە نابیننەوە، ئەودەم دانیشتوان دایانە قاقای پێکەنین و وتیان:

ئای کەشێت خۆشە بۆ پێکەنین...

بیستساڵ دوای کۆچکردنی مەحمود ، دەچێتە خەوی پورە زەریف(2) و پێی دەڵێ: سۆمای چاوت لەچاوەڕوانیدا، نەماو بووی بەپارچەیەک لە سووتان و نامۆبوون، دەستم بەرێ من هاتووم دواهەواڵی جەمیلەت بدەمێ، ئەو.... جەمیلە(3)، لەلێواری زەریایەکی مۆندا، وەک درەختی بەڕوو ڕەگ دادەکوتێ و بێژێ ناتوانم بگەڕێمەوە، ئەو.... جەمیلە، تژی بوە لەسووتان و نامۆبوونی لێدەڕژێ، ئەو.... جەمیلە، تەنانەت منیشی نەناسیەوە و پێی وتم: من بیرم نایە مەحمود ناوێک بۆ ڕۆژێك لەڕۆژان پرچمی شانە کردبێ، ئەو.... بیری چووبوەوە کەمن وەختێ لێرە نەڕۆیشتبووم، جەمیلەم دەگرتە باوش و فێری ئولفەت و جوانیم دەکرد، ئێستا ئەزنکێ بدەو .... زەریف لەخەو ڕادەپەڕێ و دەڵێ: خوایە بەخێری بگێڕی و یەک ڕاست خەونەکەی بۆ شەوبۆ دەگێڕێتەوە، شەوبۆش دەڵێ:

هیچ نیە ئەوە غایلەی گەڕانەوەی جەمیلەت کردوە..؟؟؟؟

زەریفیش ئەم بەیتانە لەبەری خۆیەوە دەڵێتەوە:

کچی نوور، جەمیلەی جوان،
هەناوم ئازاری لێدەتکێ و
تۆ هەر هەواڵێکت نەبوو..
ئاخر بۆچی دەستی محمودت نەگرت و
بگەڕێیتەوە؟
کچی خۆم جەمیلەی گوڵ،
کانی فاتم و
ئاوازی شمشاڵەکەی نامیق و
دەستە خوشکانی هاوڕێت،
چاوەڕێی گەڕانەوەتن...
سوێند بە کچ و دایکێتیمان،
ئەگەر ئەم جارە کەسێک هاتە خەونت
بێرەوە......

پەراوێز:
1. شێتێک بوو لە گەرمیان و  لە عاقڵەکان باشتر بیری دەکردەوە
2. تەنها خۆی لە پەلاماری ئەنفال بەجێما وە
3. کچی پورە  زەریفە و  ئەنفال کراوە

# زەینەب(1 )

ئەو....  سوێندی بەبرایم  سەمین خوارد بۆ هەتایە پێنەکەنێ و کراسی ئەنگۆرەی گوڵ گوڵی لەبەر  نەکا، ئەو....  سوێند ی بە پیر خدر(2) خوارد بۆ هەتایە نوێژ بۆ قیبلەی مەنجەنیقی ئەوەڵ شەوی بووکێنی  بەهاری تاقانە کچەکەی  نەکاو  بۆ تەنها جارێکیش ناو لەپی  نەگرێتە خەنە، ئاخر ئەو....  کاتێ کە شکارتەی پشتەوەی ماڵی بژارە دەکردو  بە ئومێدی ئەوەبوو، کراسێکی تری بەهارییانە بۆ بەهار بدروێ بەهارییان  بۆ هەتایە دزی و ئاوێنەی دڵی خۆشیان شکان، ئەو....  ڕۆژێ بیری نایە کەی بوو بەنامیقی وتبوو:
بەهار ئالوودەی سۆزی شمشاڵەکەی تۆیە،
بژەنە شمشاڵێک وەک هەناسەی فەقیری خۆت..
بیرتە نامیق گیان ،
لە ڕۆژی زەماوەندی من و ئەحمەدا نۆبەی کەست ندابۆ شمشاڵ ژەنین..
بژەنە شمشاڵێ،
قوربانی ڕۆحی شمشاڵەکەت بم..
ئێستا بیر دەکاتەوە پاش خەون بینینێکی قووڵ، کاتێ قورە ژیلکە جاڕی سەرەتای هاتنی بەهار دەدا، ئەمیش دواچۆڕی فرمێسکی چاوی خۆیی لەجیاتی پەرداخێ ئاو دەخواتەوەو لەبەر  خۆیەوە بانگ دەکا:
بەهار(3)
نامیق
ئەحمەد(4)
براهیم(5)
ئەوە بۆ دەنگی شمشاڵ نایێ و لەکوێن وا دەنگم نابیستن،  ئیتر چاو لێک دەنێت و

دەبێتە گۆڕێکی گووم ناو.....

پەراوێز

1. ژنێکی ئەنفال کراوە
2. ئیمامێکە و خەڵکی ناوچەکە سوێندی بەسەر دەخۆن.
3. تەنیا کچی زەینەب بوو ئەنفال کراوە.
4. هاوسەری زەینەبە
5. کوڕی زەینەبە و ئەنفال کراوە

# تەقی(1 )

تەقی شەو درەنگانێک بێئەوەی کەس پێی بزانێ و بەکەس بڵێ، دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژاژو قەرەمی گەوەڵ عەساف، لەوێ لەگەڵ یادەوەرییەکانی خۆیدا بیر دەکاتەوەو پێیان دەڵێ:

کەس نەماوەو ئێوەش وریایی خۆتان بن نەبادا،

باووبۆرانی ئەمشەو لەڕەگەوە هەڵتان کەنێ..

پاشان گوێبگرن ،

من بۆ دوایەمین جارە دێمەوە لاتان لێم ببوورن، ئەگەر کەسێ پرسیاری منی کرد خۆشم نازانم بۆکوێ دەڕۆم..

ئیتر تەقی دیارنامێنێ و تائێستاش گەوەڵ عەساف و بیرەوەرییەکانی سۆراخی دەکەن و هەواڵێکی نازانن؟

پەراوێز:

1. خۆیی و هەموو منداڵەکانی جگە لەتەنیا کوڕێکی ئەنفال کراون.

# لالە(1 )

ئەگەر لالە نەبوایە ئێمە منالانی ئەوێ نەماندەزانی، بۆهەمیشە نەماندەزانی تامی چوکلیت و جابری و نوقڵ و پسیکێت چییە؟ ئەو ئیسنانێک لە گوڵ، وەختێ ئەو

بەپیادەڕێکاندا بەرەو لای ئێمە دەهات و ئێمەش بەدوورایی چەندین میل دەمانبینی، ئیتر کێچ دەکەوتە کەوڵمان و بەسیخوورمە دایکمان شێت و هاردەکرد، دایکە ئەوە لالەیە/ دایکە ئەوە لالەیە/ دایکە تووخوا دەفلس / دایکە تووخوا بانەڕوا ، لالە تەنها زەمبیلەیەکی دەکردەشان و فەقیر فەقیر دەیوت های وردەواڵە، ئیتر لالە و وردەواڵە و ئێمەی مناڵ تێکەڵ دەبووین، ئێستا دەزانم لالە هاوسەری نەبوو، چوونکە بیرم دێ خەڵکی دێ دەیانوت لالە ڕەبەنە، ئەم ڕۆژانەش لالەم دیت لێم پرسی:

لالە دەم ناسیەوە؟

وتی نەخێر...

پرسیم بۆ؟

وتی کوڕم من ئەوەتەی سۆزی شمشاڵەکەی نامیقم گووم کردووە کەس ناناسمەوە..

ووتم لالە ببورە بەمناڵی چووکلێتێکم لیت دزیوە..

ووتی ڕۆڵە من خۆم دزراوم، ویژانم دزراوە، چوکلێت نۆشی گیانی تۆبیَ..

دایکە ئەوە لالە بوو مەهێڵە بانەڕوا ..

دایکە ئەوە لالە بوو تووخوا بانگی کە دواوە..

دایکە ئەوە لالە بوو توو خوا بزان چووکلێتی پێماوە؟

بنوو کووڕی خۆم ئەوە خەونت دیوەو

لالە دوای سووتاندنی قوورئانەکەی مەلا ئەو ڕەحمان(2) سوێندی بەئاوەسپی خوارد، کەس نەیبینێتەوە!

پەراوێز:

1. هەژارترین مرۆڤی ناوچەکەبوو
2. مامۆستایەکی ئاینی ناوچەکە بوو

# مەلا ئەو ڕەحمان(1 )

چیمەن بانگی مەلا عبدول ڕەحمانی کردو پێی ووت:

مەلا بەم مەغریب و ناوەختە بۆ دەڕۆی؟

چیمەن (2)لە ئەوی پرسیبوو
بۆچی قورعانەکەت لەبیر چوەو لەگەڵ خۆتت نەهێنا..قورعانەکەت ئیتر دووعای خێرمان بۆ ناکاو
پیرۆزی مزگەوتە قوڕینەکانیش نایانگرێتە خۆ..
مەلا من بیرم دێ ڕۆژی لێکترازان بەباوکمت وت مریەم بە عەزرەتی دوادیداری تۆوە دەمرێ و
هەرمێ(3) بۆ هەمیشە یادگار(4) نابینێتەوەو
شەونم(5) وەک چاوی چەپی بێکەسی و
فەقیانەی سپی گڕ تێبەر بووی ماڵ و قوورعانەکەی من دەسووتێ..
مەنسوور(!)(6) ئێژم بیرت ماوە ئەو ئێوارەیەیی قوڵپی گریان ڕێگەی نەداین سەرو ماچی ڕووخساری دووکەڵ لێنشتووی لانکەی مناڵیمان بکەین و
سەرو جەوەنە ئاو لەکانیەکەی خەیری(7) لەگەڵ خۆ ببەین..
مەلا دەگەڕێتەوە بۆ خۆرنەوەزان(8)، لەوێ پەڕە پەڕەی دڕاوی قوورعان و پابووجی پێی کچە یەک ساڵانەکەی و مێزەرەکەی خۆی و گوارەی گوێی حەسیبە(9) و هێمنیەکانی لوقمانی(10) بینی ، بەباڵای دار هەنارێکدا هەڵواسراون و گوێ لە سۆزی شمشاڵ ژەنینی نامیق دەگرن، دەکەوێتە دوو دڵیەوە و پاش کەمێک ڕامان بانگێک دێتە گوێی :
مەلا تائێرە عەزیەت بخۆ..
دوودڵ مەبە تەشریف بێنە بۆ ئێرە..
(11)غفور ئەوەتۆی؟ غفوور پرسیاری فرمێسک(12) دەکاو دەڵێ: پاژنەی پێم پڕە لەدڕکی خەم و تەمەنم گشت سووتان بەبۆنی نامۆیی هەواڵێکی فرمێسکم هەر نەزانی، مەلا ئێستا لەمیعە(13) هۆگری چیە؟ ئایائێستاش وەک یەکەم ساتی یەکتر ناسینمان بیر لەچنینی گووڵ و وەنەوەشە دەکاتەوە؟ ئەو ئێستاش وەکی سەرتای یەکەم مانگی بووکێنی سەرپەنجەکانی دەگرێتە خەنە و چاوی بەکل دەڕێژێ؟ ئیتر غفور دیار نامێنێ و مەلاش وەک گەدایەک تائێستاش ئەو دەورو بەرە دەگەڕێ و....
دەسووتێ و
دەبرژێ و
تینووی تەنیا هەواڵێکی.....

پەراوێز :
1. مامۆستا ئاینیەکەی پێشوە
2، 3، 4: خوشک و بران و ئەنفال کراون و دانشتویی گووندەکەی ماۆستاکە بوون
6. دایکی ئەو ئەنفالکراوانەیە

7. خێزانی ماموٚستاکەیە
8، 9: مندالّی ماموٚستاکەن و ئەنفال کراون
10. باوکی منالّەکانی پێشوەو ئەنفال کراوە
11، 12: کچ و باوکن و ئەنفال کراون

# هەنار(1 )

هەنار وەرەوە دایکت بانگت دەکا، تۆ کەی وا درەنگ لەسەفەر گەڕاویتەتەوە؟ کانی شاواز چاوەڕێتە و بیری ماچێکی هەناری چوون خۆتت دەکا، کانی کلّاو کوڕە پڕبووە لەئاوو دەلّێ وەرە قاپلەمەیەکی تر ئاو ببەوە، هەنار مالّێک بوو لەماریفەت و دلّێک بوو لە شووشە و ڕووخسارێک بوو لە ڕەنگی مانگ و تەمەنێکی کەم بوو لە عەشق، هەنار بیری نەماوە کەی بوو لێرە بەبەرچاوی گشتمانەوە دزراو ئێستاش کەسمان ناناسێتەوە..

پەراوێز:
1. تەنیا کچی خێزانەکەی بوو لەگەلّ براکانی و دایکی ئەنفال کران و نەهاتنەوە

# فەزیلە( 1)

مەحمەد (2) ئێستاش کەدەچێتە سەر بەرزترین لووتکەی مازووخ و لەئاوێنەی ڕووباری ئاوەسپیدا تەماشای گوندییەکانی گەرمک دەکا، تارمایی فەزیلە دێت و پێی دەلّێ: ڕۆحی شرین ئەوەی دەیبنی من نیم ئەوە ئاوێنەی ڕۆحمە لیرەو جەستەم زوو، زۆر زوو ئەو دەمەی تۆ سەرقالّی تەواو کردنی خەتمەی عشق بووی دزرا، بگەڕێوە بۆ لای دلبەر خان و پێی بلّێ: فەزیلە ئێستا تەنها گریان دەناسێ و هیچی تر،(.) بیرت نەچێ پێی بلّێ: فەزیلە ئیتر ناتوانێ بۆ تەنها جارێکی تر زولّفی لە ئاوی پاکی کانی کوچکینە بشواو بۆلّێک ترێ بۆ ئەڤیندارەکەی بنێرێ، پێی بلّێ: فەزیلە ناتوانێ بۆ تەنها یەک جاریش پێی بلّێ بەیانیت باش و تەنانەت ناتوانێ بلّێ: لەئیمام مەحەمەد گەزێک زەوی بۆ تەرمەکەم جێبهێلّن و خواتان لە گەلّ(لەگەلّ)، مەحمەد دەستێ بەپشتی چاویدا دێنێ

و دەڵێ:
فەزیلە توانی عاشق بێ،
وەلێ بەپەلە ڕۆیی و تەنانەت نەیپەرژا بڵێ ماڵ ئاوا..
فەزیلە نایەتەوە و
مەحمەدیش لە غووباری تیاچوونی فەزیلە دا وون دەبێ و
مناڵێک کەدایک و باوکی لێ وونبوون،
بەئاوازی شمشاڵەکەی نامیق کارمامزە کێویەکان لە ئافات بەئاگا دێنێ..

پەراوێز:
1. شۆخترین کچی گووندەکەی خۆیان بوو ئەنفال کرا
2. خۆشەویستی فەزیلە بوو ئەنفال کرا

# چاوشین (1)

ئەم بەیانیە حاجی چاوشین سەری لەگەوڕی ئاژەڵەکان هێنایە دەرو بانگی دەکرد و دەیوت: هۆ بەدیع هۆ بەدیع (2) کەس وڵامی نەدەدایەوە ، هۆ بەدیع بەدیع کەس وڵامی نەدەدایەوە، باجەتی قادر گوێی لەبانگە بانگی چاوشین دەبێ و بەبەڵێ حاجی ئەوە چیت دەوێ؟ وڵامی دەداتەوە کەتەواویش نزیک دەبێتەوە چاو شین دەبێتە تارمایەکی دوور و دەڕواو دیار نامێنێ، کیژانیش بەم بانگە بانگەوە دێت و تەنها ئەم گۆرانیە دەڵێتەوە :

حاجی سەڵامەت خۆت لەڕێگا ئاگاداری شرین بە..
تەماشایەک وا ئاوەسپی کراسێکی ئاڵ ئاڵ وەک خوێنی ئاڵی دڵی نامیق دەڵێنەوەو
خورشید جارێکی تر نەئەڵاوەیسی و نەئایی ئایی و نەخاوکەر ناڵێتەوە..
ئۆغرت خێر حاجی ،
بەڵام بیرت نەچێ لەوێ خرمە خرمی تفەنگ و زرمەی پێی پۆستاڵ و
زریکەی ئێمە بۆ عەرشی بێئاگای خوا بگێڕیتەوە..
حاجی وەرزی شۆخێتی ئێمە و مەڵاسەی پیاوە چڵێسەکانی جەهل،
بۆ سەرو چاوەی ئاوەسپی بگێڕەوە..
حاجی تەماشایەک ،
ئاوەسپی عاجز عاجز دەڕواو قوڵپی گریان ڕێگای نادا تەنها سڵاوێک بسەنێتەوە..

وەهاب حەکیم(3) لەبەری ڕۆژئاوای ئاوەسپیەوە گوێی لەم گورانی و لاوانەوە دەبیَ ،
خۆی پێناگیریَ و دەداتە پرمەی گریان، زەریف دەڵێ:
وەهاب ئەوە چیت گویَ لێبوە وا بەکوڵ دەگریت
وەیلێ وەهاب جەمیلەی من چی لێبەسەر هاتوەو
کێ ئەم هەواڵەی هێنا؟
شەمسەش(4) بەم قسانە دەست دەخاتە کەلەکەی چەپی و دەڵێ:
زەریف ئەوە وەهاب هەواڵی کەسران و فەریدی(5) هێناوە؟
دایکی نامیق بەپڕتاوێک دەگاتە لای وەهاب و دەڵێ:
ئەوەچیە وەهاب باسی شکاندنی شمشاڵەکەی نامیق دەکا؟
لفتە(6) لەدوور ڕا دەردەکەوێ و
گۆرانی یار خەزاڵ دەچڕیَ..
فاتم(7) خەونەکەی دەزڕێ و
لەبەر خۆیەوە دەڵێ:
بەیانی دەچم بۆ لای وەکاشە و
پێی دەڵێم ئیتر ناتپەرستم و چوارشەموان
نایەمە دیدەنیت..

پەراوێز:
1. پیاوێکی کەتە و قسە خۆشی گووندی بانزیخاڵ بوو. ئەم گوندە لەناوچەی زەنگنەیە و دەکەوێتە سەر ڕووباری ئاوەسپی.
2. کوڕی مام چاوشین بوو ، دوای نوسینی ئەم تێکستە کۆچی دوای کرد.
3. قسە خۆشترین پیاوی ناوچەکە بوو، دانشتووی گووندی کەریم باسام بوو، نزیک بە گووندی بانزیخاڵ.
4. سەرپاکی خێزانەکەی لە ئەنفالدا تیا چوون و خۆیشی لە نوگرە سەلمان گەڕایەوە.
5. دووان لە کچە ئەنفال کراوەکانی شەمسەن.
6. مقامویژێکی دەنگ خۆشی گەرمیان بوو.
7. ئافرەتێکی هەژاری گووندی قەڵاچەرمەلەی گەرمیانە و ئێستا بەتەنیا و لە ئۆردگای ڕزگاری دەژیَ .

# گوڵستان

گوڵستان( 1) بەکونە جەفتینەیەک ئاوی کانی گوڵ مژییەوە ، بەیانی باشی لە جەبار(2) کرد و بەهەناری (5) وت: ئەوە بۆچی وا ڕەنگت هەڵبزرکاوەو لێوت قەیماغەی(قەتماغەی) بەستوە؟ پێش ئەوەی هەنار وەڵام بداتەوە، جەبار ووتی گوڵستان بە سەعید(4) بڵێ منداڵەکان جێنەهێڵێ َو ئیتر لەسۆمای چاو وونبوو... لەم ڕۆژانە بۆی گێڕامەوە و وتی: ئێژن جەبارو گوڵستان چوونەتە خەونی نەنە(6) شەممەم و پێیان وتووە حەیران(7) لە بیابانێکدا کچێکی بوو ، ناوی لێنا (لم)..... ئابیرم نەچێ پێی وتبوو: ئامین لەکانی گوڵ مژییە و سۆزی گریانەکانی هەناومی سووتان، ئێژم دایە ئەوە بۆچی گوڵستان وەک جاران کراسی چاوە چۆلەکە لەبەر ناکاو فەسیح (8)گۆرانی بۆ محەمەد(9) ناچڕێ و تەمین(10) هەڕەزاڵە ناچنێ و شوانەکان دۆزە دۆزەی دۆمەڵان و کیژان ناچن بۆ پیشۆک و کوڕانیش ناچن ڕەشبەڵەک؟ ئەو هەر قسەی کردبوو، وەلێ نەنکم هیچی نەژنەفتبوو، ئەو ووتبووی : جاران گەورەو بچووک سیغارو تووتنیان بۆ کاکە خولە(11) دەپێچایەوەو یاری ترێ ترێیان دەکردولە وادەی بەفر باریندا شەڕە بەفرو لەزەماوەندا ژووانی پڕ لەترسیان ڕێک دەخست وبێپرسی گەورەکان سیغارییان پڕ دەکرد لەتووتن و دەیانکێشا، ئاخر دایە ئێستا بۆچی بۆنی مێخەک بەن و سەوڵ وریحانەی ناو گیرفانی سوخمەی کیژان نایێ و تامی نەعنا تفتەکانی ناو نامەکانی دڵداری تاڵن؟ دایە ئەوە بۆچی گاڵتە و گەپەکانی کوڕەکەی دەروێش حوسێن(12) وەک جاران نین وکەس چیرۆکی عەشقی خۆراسان ناگێڕێتەوە؟ چنار(13) دەڵێ: نەنکم سوێند بە قوورعانە پەڕە پەڕە کراوەکەی تەقی دەخوا کەجەباری کوڕی خۆی بوەو پرسیاری سێوەی(14) کچی غەزێمی کردوە ، وتوویەتی : شەوێک سێوە هاتوەتە خەونم و تکای کردوە هاڵ و هەواڵی تۆی پێبڵێم ، تەنانەت وتوویەتی : نیگارم(15) بە هەردوو چاوی خۆم دیوە بۆبینینی هەنارو سۆران(16) تەواو دڵتەنگ و پەرێشان بووە.... ئەو جەبار وای گێڕاوەتەوە، محەمەد بەگورانی یارخەزاڵ و نامیق بە شمشاڵەکەی هەمان ئاوازی بۆ وتوەتەوە ، و ئیتر دیار نەماوەو لە دەفتەرێک لێی بەجێماوە ئەم نوسینەی تیایە کەڕەنگە لەشیعر بچێ:

خەیاڵ و عەشقم هەرزان ڕۆیین
دنیا وەک تەمەن تاڵی پێفرۆشتم
گەر نەهاتمەوە
بەئامین(17) بڵێن
هەمیشە دووعایەک لە عشق و چاوەڕوانی بکاتە بەر بەردەلانی لای خۆر ئاوابوون
من دەڕۆم و
کەس شوێن و ناو نیشانم پێنازانێ

تکایە بیرتان نەچم

پەراوێز:
1. خۆی و منالّەکانی لە ئەنفالدا بێسەرو شوێن کران
2،3 کچی جەبار بوون و کوڕەزای شەمسە بوون لەگەڵ دایک و خوشک و براکانی بێسەرو شوێن بوون .
4. مێردی گوڵستانە و بێسەرو شوێنە.
5. یەکێکی ترە لە کچەزاکانی شەمسە
6. هەمان شەمسەیە کەپێشوو تر باسمان کرد
7. لە زیندانی دبز منالّی دەبێ و هەمان ڕۆژ بۆ بێسەرو شوێنکردن دەبرێن
8. کچێکی کوندی قەڵاچەرمەلەیە و ئەنفال کراوە
9- مێردی حەیرانە و سەرپاکی خێزانەکەی بێسەرو شوێنن
10. دەستە خوشکی ئامین بوو ئەنفال کرا
11. لە جێگایەکی تر باسمان کرد باری دەروونی تەواو نەبوو(شێت)
12. مرۆڤێکی قسە خۆش بوو ئەنفال کرا
13. کچی حەسەنی کوڕی دەروێش حوسێنە کەناوی لە تێکستەکە هاتوە
14. دیان کچەزای شەمسەیە و تەنها یەک کەس لە خێزانەکەیان لە ئەنفالدا ڕزگاری بوە
15. کچی جەبارو خوشکی هەنار بوو ، ئەویش ئەنفالە
16. کوڕێکی تری ئەنفال کراوی جەبارە
17. یەکێکە لەو ئافرەتانەی دوو منالّی لە نوگرەسەلمان گیانیان لە دەست داوە

# ئاواز( 1 )

ئاوازێ، ئاواز گیان...
یادگاری(2) بچووک چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆ و یادگاری مامی بچووکی تۆیە، ئاوازێ ئەختەر(3) بەتاسەی لەبەرکردنی کراسێکی کەتان و جووتێ گوارەی زێڕەوە دواین هەناسەی بەمشتێ لم تاسێنراو مەڕە شکێریش کەباوکی بۆی کردبوو بەنەزر دزرا، ئاوازێ، ئاواز...، ئەم بەیانییە دلبەرێک(4) لە خۆشەویستی چاوەڕێتە و مەنسوورێک (5)خالّی لە گووناهـ غەریبت دەکا، ئاواز لە 4/14ی هەموو سالّێکدا دێتە خەونی

مەریەم(6) و پێی دەڵێ:
من جوانم یان مانگ؟
پرسیاری جاخە لێرەکەی کوڵێنان(7) دەکاو
دەڵێ: مەرێمە سپیەکەی لە خواسپی تر،
کوڵێنان چەن مەن سەبری پێبوو کەهەمیشە بەتەنهایی دەژیا؟
ئەو نامەیەک دەداتە دەستی مەرێم و
مەرێمیش بەدەم وەنەوزی خەون بینینەوە دەچێتە لای هاشم(8) ئەفەنی و پێی دەڵێ ئەم نامەیەم بۆ بخوێنەوە،
وەک دەگێڕنەوە نامەکە ئەم دێرانەی تیابووە
هۆۆۆۆۆۆۆۆۆووو.. شوانە دەنگ خۆشەکەی بان مووروو،
ئەرێ یادگاری مەنسووری پڕ لە سەبرت نەدیوە لێرەوە تێپەڕ بووبێ؟
هۆۆۆۆۆۆۆۆۆووو.. سەپانە فەقیرەکەی وەرزی خەزانی تەمەن،
تۆ گوێت لێبووە ئینجی دایکی نامیقی شمشاڵ ژەن ئەم بەیانیە لێرەوە تێپەڕ بووبێ و هەواڵی مەرگی چیمەنی(9) دەستە خوشکی منی باس کردبێ؟
ئەی تۆ بەچاوی(بە چاوی) خۆت بینیوتە کڵاو کوڕەیەک پڕاو پڕ دەنووکی ئاوی بۆ مەلۆتکەکەی باوشی فەرید(10) هێنابێ و
شەهید کرابێ؟
خاڵۆی سەپان تۆ شیری دایکت وەک خۆی بۆم بیگێڕەوە،
تۆ ئاگات لێیە سلێمانی (11)کوڕی عیسا سوێندی بەسەر خەیری خواردوە ئیتر نەیەتەوە؟
مەرێم کە خەبەری دەبێتەوە تائێستاش هەر دەگری و.....

پەراوێز:
1. کچێکی تەمەن حەوت ساڵان بوو، لە ئەنفالدا بێ سەروشوێن کرا.
2. برای ئاوازەو لە تەمەنیشدا لەو مانڵترە ، ئەویش لەگەڵ خێزانەکەیان ئەنفالکران.
3. کچی خاڵی ئاوازەو سەرپاکی خێزانەکەیان ئەنفالکران .
4. داپیری ئەختەرو ئاوازە.
5. باوکی ئاوازە و ئەنفال کراوە.
-6پوری ئاوازەو بەگرێی چیرۆکی ئەنفالکردنی ئەوانەوە هەمیشە چاوەڕوانی دەیگوشێ.
7. باپیرەگەورەی ئاوازە و هێمنی ترین مرۆڤی دەڤەرەکەی خۆی بوە .

-8ماموٚستا دێکەی مریەم بوو پێش ئەنفال و شەش ساڵ ماموٚستای نوسەربوە .
9. خوشکی ئاوازەو ئەنفالکراوە .
10. ئافرەتێکی قەڵاچەرمەڵەبوو ، لە زیندانی دبز منداڵی بوو.
11. خاڵی ئاوازەو تاکۆچی دوایی بۆ ئەنفال گریان یاخەی بەرنەدا.

# غوربەت(1 )

غوربەت بە فاتیحی(2) وتبوو ڕۆڵە دەخیلە دەرگای کۆزەی ساوە کۆرپەکان تەقەت کە و ڕەوێڵەی جووجەڵەکانیش بگەڕێنەوە نێو بەهار بەنیەکە..
دایکە بۆ؟
ڕۆڵە ئەمڕۆ لای بەیانیەکەی بەبەردەم مەجلیسی ریش سپیانی دێدا تێپەڕبووم ،
گوێم لێبوو دەیانووت ئاشووبی ئەم ساڵ سەرمان دەخوا..
بۆ دایکە؟
ڕۆڵە ئەوان دەیانووت تەنانەت قوورعانەکەی مەلا وەهابیش(3) زەرد هەڵ گەڕاوەو زەرد دەترسێ.
ئێژم دایکە ئەی دەزگیرانەکەی من؟
مەلا وەهاب لەدەرەوە دێتەوەو بانگی غوربەت دەکا:
غوربەت غوربەت غوربەت
غوربەت لە خەو ڕادەپەڕێ و
بسمیلا بسمیلا بسمیلا
چیە غوربەت ئەوە تێک چووی؟
مەلا خەونم دەدی لە خەونما جەبار گۆرانی دەچریَ و نامیقیش بەشمشاڵ لێی وەر دەگرێتەوە ئائائا دیم فاتیح لەتە ئاوێنەیەکی هەڵگرتوەو بەشانە پرچی دەزگیرانەکەی دادێنێ، بیلا درۆ لەزاتمدا نییە قەت کوڕەکەی ناو خاسم ئاوا بە پەشۆکاوی نەدیوەو پەڕەیەک لە قورعانەکەی تۆشم دی بردی و نەهاتەوە، وەی ڕۆ مەلا ئەوە چی بوو... فاتیح بۆ کوێ ڕۆیی؟
فاتیح
مەلا
جەبار
ناوخاس(4)
دەزگیرانە ناو لەپ بەخەنەوەبووەکەی فاتیح

غوربەت غوربەت غوربەت

پەراوێز:
1. خێزانی مامۆستایەکی ئاینی بوو، ئێستاش لە ژیاندامـاوە ،
2. کوڕی غوربەتەو ئەنفال کراوە.
3. مێردی غوربەتەو کۆچی دوایی کردوە.
-4کەسایەتیەکی ناسراوی‌ناوچەی گەرمیان بوەودانیشتوی گوندەکەی (مەلاوەهاب)توکن بوە.

# نیعمەت(1 )

ئەم بەیانیە پێش ئەوەی سوێسکەکان لە دووغە دووغی خۆیان بکەون و کلاو فشەنەکانیش لەبن بنجگیَ ئاگوڵ و کلْناشک و گوێبەرخە و سڕناتکەکاندا نووستبوون ، هێشتا دەنگی دەهۆڵ و زووڕنا و خرمە و زرمەی ڕەشبەڵەکی ئەو شەوە کاڵنەبووبوەوە، لە دووکەڵ کێشی سۆپاکانەوە دووکەڵ دەهاتە دەرو ئانگۆی سەر گیایی بەهارە پرشەی دەهات، نیعمەت سەرو ماچی منالەکانی دەکات و بەدەم خەیاڵی گوێگرتن لە ئاوازی شمشاڵەکەی ساڵەحە(2)وە بەپەلە و تاچاو برکا دیارنامێنێ، حیکایەتێک لەبارەی نیعمەتەوە هەیە و ئاوا دەڵێ: نیعمەت ڕۆیی و نەهاتەوە، ئەو بەدوو شت هێوەر دبوویەوە یەکەمیان شمشاڵەکەی نامیق و دووەمیان هەر شمشاڵەکەی ساڵح، کەشمشاڵەکەی ئەو دوانەیان شکان ئەمیش دەڕواو چیمەنی(3) کچی نیعمەت ئەم نوسینەی لەسەر تاوێرە بەردێکی گەورەی نزیک کانیەکەی وەلی(4) بۆ هەڵدەکۆڵێ:

دایکم لە نووری خوا پاکترو
لەتەنهایی خوا تەنیاترو
لەمەرگی پەرژین و نەرمینی(5) خوشکم تەنهاتر بوو..
دایکم پڕبوو لە عشق بۆ تەنهایی باوکم و
باوکم پڕبوو لە شمشاڵ بۆ تەنهایی دایکم..
وەلێ پڕنەبوون لەیەکتری و
دیار نەمان...

پەروێز
1. خێزانی ساڵەحی شمشاڵ ژەن بوو کە لەگەرمیان زۆر ناسراوبوو.
2. ئەنفال بردی و دووان لە منالەکانی لە نوگرەسەلمان گیانیان لەدەستدا.

3. ئێستایش بۆ باوکی دەگری و ئەنفال لە روخساریدا دەبارێ.
-4کانیەک بوو هەردووگوندی ئاویان لێدەخواردەوە .
5. ناوی دوومناڵەکەی ساڵەح کە لە نوگرەسەلمان گیانیان لە دەستدا.

نازەنین(1 )
بۆ شکانی شمشاڵەکەی من مەگری نازە گیان ، دڵنیابە هێندەی تر شمشاڵەکەم وردو خاش بکەن تەنها ئازاری ڕۆحی تۆ دەژەنێ سەری لەسەر ئانیشکی ئەژنۆی بەرز کردەوەو بەدەورو پشتی خۆیدا چاوێکی گێڕا و هیچی نەدی هێوەر ببەوە نازەنین من لێرەم ڕاستە و پیَ هەستایە پێ و هاواری کرد تۆ لەکوێی؟ ئەوەتام لێرەم چۆن نامبینی بەهەر چوار دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و هاواری دەکرد ناتبینم تکایە ئەوەتام نازێ، بیرت چوو ئەو ڕۆژانەی من فێری شمشاڵ ژەنین و تۆش فێری سەرەتای چاو شارکێی عەشق بووی لەسەر چینجگ دانیشتەوەو ڕۆچوە نێو خەیاڵێکی قووڵ و لەبەر خۆیەوە دەیوت: دییەت کوێربیَ نازە ئەوە دەنگی ساڵەحی کوڕی حاجی بوو، ساڵەح لەژێر دەستی مامۆستای مناڵەکانی گونددا فێری نوسین و خوێندنەوە ببوو، ڕۆژێک بەنازەنینی وتبوو تۆ بۆنی هەناسەی منت لێدیَ و منیش هەروەها، وەلێ بیرت نەچێ تەمەنی خۆشەویستیمان کەم دەبێ و بڕواش ناکەم ئەم بەهارە پێکەوە شیرو ماستێکی تر بخۆین ئەویش پێی وتبوو: وەیرۆ ساڵەح چیت بیستوە ؟ ئەوەمنم لێرەم نازەگیان چاوی بەرز کردەوەو تۆزی ڕۆیشتنی ژێر پێی ساڵح دیاربوو..

پەراوێز:
1. شۆخێک بوو، پێش هاوسەرگیری (سالەح )زۆری خۆش دەویست.

# خەلیل(1)

فەریدە(2) هاتبوە خەونی و پێی وتبوو خەلیل ڕۆڵە باسی بە سەرهاتی سەرگوڵ(3) لای کەس مەگێڕەوە،ئائا ڕۆڵە سەرگوڵ بەزۆر لە باوشی منیان دەرکرد وبردیان..دوای ئەم خەونە کورتە خەلیل وەک سەرگوڵ تەنها گەڕابووەوە ناودآ ئەو هەندآ جار ترسی

لەوەش هەبوو خۆفرۆشێک شوێن پێیەکانی هەڵگرآ وبیکاتە نێچیرێکی باش،وەلی هەر هەنگاوی دەناو تاو ناتاوێکیش لەبەر خۆیەوە بەڵام زۆر بەهێمنی تەنهایی سەرگوڵی دەلاواندەوە،خەلیل ئەوەتام لێرەم نەمامم(4)(خەلیل ئەوەتام بۆنام ناسیتەوە ئەی بیرت چوو من کێم،ئەوەتام ئەوەتام نەمامی کچەزاکەی خەدیج،ئاوڕی بۆ دواوە بدە نەمامەکەی خۆت). خەلیل مووچڕکێک جەستەی دەئاژنآ وتەماشایەکی ئەم لاو وئەلای خۆی دەکاو هیچ نابینآ،دەکەوێتەوە ڕێ ودەنگێکی تر بەرز دەبێتەوە: (خەلیل، ئەوەتام لێرە من سەرگوڵم). دەنگێکی تر: (کوڕەزاکەی حاجی، منم دەروێش حوسێن، ئێژم خەزێمی منت نەدیوە). دەنگێکی تر(منم، خەلیل گیان، حەیرانم حەیران، هاتووم دنگ وباسی محەمەدو ئیمان وسەلیم بپرسم،بیرت نەچی پێیان بڵێ ناوی کچەکەم ناوە-لم-). دەنگێکیتر (منم، خەلیل، خەزێمی ئامۆژنت، ئێژم هیچ هەواڵێکی سێوەی کچم نازانیێ؟). دەنگێکیتر ( منم پوورە نەجمەت).( دەنگێکیتر( کاکەبرا، ئەوە دەنگوباسی عەدنان نازانیێ؟) دەنگێکیتر (منم، خەلیل گیان! خاتون بگەڕێوە...)سەگێک لە پایین دێوە بە کلکە لەقێن بەرەو لای خەلیل دێ، رانە مەڕەکەی (ساڵح و رەوێڵەیەک جوچکەی مەحبوب ) لە حەلاجەوە بەرەو دێ دێن، دەڵە گورگێک لە دووتوێی تاتە بەردەکانی رۆژئاوای دێدا خۆی مەڵاس داوەو لە نێچیر دەگەڕێ، کۆترە شینکەیەک بۆ تۆزێک ئاوی پاک دەگەڕێ، مامزێک بە پەلە و پڕ تاو خۆی دەکا بەناو دێدا، لە نێوان خەیاڵ و راستیدا تارمایی نامیق دێتە پێشچاوی خەلیل، لە پڕێکا دیار نامێنێ و لەدوور هاوار دەکا(وەیلێ کاکەبرا چۆن هاتییە ئێرە، بگەڕێوە و بە ئەوان بڵێ چاوەڕوانی ئێمە نەبن).

پەراوێز:

1. تەنیا لە خێزانەکەی بەجێماوە و هەموویان ئەنفال کراون.
2. دایکی خەلیلەو بێ یەروشوێنە .
3. خوشکی خەلیلە و ئەنفالکراوە .
4. خێزانی خەلیلەو ئەنفال کراوە.

# ئافتاو(1 )

ئافتاو تەنها کچێک بوو،
دەیزانی بۆنی کچێتی خۆی بەدەم مەڵاسەی جەلادەوە دەبینێ و
پێڕاناگا بە حەلاوی دایکی بڵێ،

ئیتر نامەوێ مانگ بە درۆ دڵداریم لەگەڵ بکا:
ئەو کچەی ناوی ئافتاو بوو،
دەیزانی رۆژێک خرمەو زرمەی ژێرپێی پۆستاڵ لەپێکان و
هەڕەشەی شمشێرەکەی وەقاس،
تکتک کچێنی دەتکێننە بیابان:
ئەمشەو بە بێداری مامەوە و تەنها بیرم لە ئەفتاو دەکردەوەو،
ئاخر ئەو رۆژێک کە بەفری سوور لەدێکەماندا باری، پرسیاری هەمە چەشنی درووستکرد و وتی: ئەمە نیشانەی تورەیی سرووشتە لێمان، تەنها مەلای گوند لەم قسەیە حاڵی بوو، وتی: هێدی بە کچم، ئافتاو لەو رۆژەوە نەهاتە ناو دانیشتنەکان و لە نامەیەکدا بۆ منی نووسی(ماڵئاوا )
پەراوێز:
1. کچێکی رووخۆشی گوندەکەی نوسەرەو، خۆی و خێزانەکەی ئەنفال کران. دایکیشی لە نوگرەسەلمان گیانی لەدەستدا .

رێزان( 1)
شوکری (2)بەدەم گریانەوە دەیوت :
دەگەرێنەوە سەربازێک بەرێزانی وتبوو: رێزەیەک لە جوانی خۆتم بدرێ، هەموو دنیات بۆ دێنم، رێزانیش وتویەتی من دەزگیرانی خوام و دەتوانی یارمەتی لە ئەو بخوازی، ئەفسەرێک بەم حیکایەتەدەزانێ و بە رێزان دەڵێ: من خوام و رێزان دیاری نامێنێ، مەنیج حکایەتی لەبارەی رێزانەوە بەم شێوەیە بۆی گێڕاومەتەوە:
رێزان هەمیشە دەگریا و ژیر نەدەبوویەوە، کە لێمان دەپرسی بۆچی دەگریت ، دەیوت نازانم، شەوێکیان ئێمە خەریک کفن دوورینی داپیرەم بووین و رێزان خۆی کرد بەناوماندا و وتی: هەر ئێستا..پاسەوانی بەردەم زیندانەکە، ئەوەی وا ئامین بۆ قومێ ئاو بۆ منداڵەکەی زۆری لێ پاڕابووە، بەڵام نەیدابوویێ و بە نینۆکەکانی چاوی ژیانی هەڵکۆڵێ، ئاواتیش ئەم بەیتانە بەسەر تەرمی مەرگی مناڵەکەی ئامین و چیرۆکی هەڵکۆڵینی چاوی ژیاندا دەوتەوە..
بێ عێل و بێ کەس لەسەر تەتەشۆر
مەرگی ئازیزان ژیان و ناسۆر
دەردەم کارییە، گەردوون هاوارێ
رەنگمان پەڕیوە هەموومان بە جارێ.

پەراوێز:
-1لەناودەستە خوشکەکانیدا، هێمن ترین و جوانترین بوو. خۆی و چوارخوشکی و سێ برای لەگەڵ دایک و و باوکی ئەنفالکران .
-2پوری ڕێزانە و بەردەوام دەڵێ نایانبینینەوە.

# فارس(1 )

ئەو مۆڤێکی سپی بوو،
وەک سپێتی روحی خۆی، گەورە بوو،
ناوی فارسی کوڕی عەبدوڵا بوو...
دوای ونبوونی فارس لە(نەهێ)م پرسی:
فارس عیشقی چی بوو؟
ئەویش لە وڵامدا وتی:
کلدانێک پڕ لە سوورمە...
ئیتر؟
..........؟
پەراوێز:
-1مرۆڤێکی سادەبوو، مێگەلەکەی زۆر خۆشدەویست، زۆر نارەحەت دەبوو بەبینینی گورک، فارس ژیانی هاوسەرگیری پێک هێنابوو بەڵام منالی نەبوو، دایکی فارس بەردەوام دەڵێ:دینەوە......

فەسیح(1 )

تەرانژگە بەردێکی هەڵگرت و لەسەر باسکی ناوی نوسی ( فەسیح مەجید عەزیز) دانشتووی مەملەکەتی وەکاشە.... باوکی فەسیح لەڕێگای نەوارێکەوە چیرۆکی فەسیحی بۆ گێڕاومەتەوە و دەڵێ پەخشان ئاوا باسی بۆ کردووم:
مامە چاوم کوێر بێ نەمتوانی ئەو قومە ئاوەی پێبگەیەنم کە تا دوا هەناسەی ئەڵهای کرد، ئەو پێش ماڵئاوایی ووتی: بەباوکم بڵێن گوارەیەکی زیوی دایکم و دەستەخوردەکانی نەنە نەجمەم لەناو باخچەی بەردەم بیرەکەی علی مردوودا شاردوەتەوە، دەستم دامێنتان بەحەمە ئەمین بڵێن ووردە شووشەی ئاوێنە شکاوەکەی

باخەڵی سوخمەکەم بۆنەوەیەکی  تر هەڵگرێ و قەتارێک لەڕەنگی  بزرکاوی کچێنیم بچڕێ .ئابیرتان  نەچێ بە نامیق بێژن شمشاڵێ بۆ خولقی تەنگم بژەنێ ، بیرتان نەچێ ئەم نامەیە بگەیەننە گومەزی مزگەوتەکەی ئاوایی:

ڕەنگە ئیتر وەک سەرەتای نوێژی فەرز و سوونەتەکان نەت پەرستم..

چوون تۆ نەتتوانی وەک خۆم بێگوناه  بملاوێنی و

نەتتوانی لەڕۆژی  بەزۆر شکانی کچێنی  منا  نامەیەک بۆ خوابنێری و  پێی بڵێی بێدەنگیت هەتا کەی..

بە نەزیر بڵێن وەم دووچاوەی  خۆم سۆزم بەدەم قەپاڵی سەگێکەوە دی و

مەمکدانەکەی خۆمیش بەدەم لوولەی تفەنگی جەلادێکەوە جێما..

فەسیح    فەسیح ففففففففففففففەەەەەسسسسسییییییح

پەراوێز:

1. گەورەترین منداڵی خێزانەکەی بوو، دایکی و خوشک و براکانی ئەنفال کران.

# فانۆس(1 )

( ئەیە چۆیە فانۆس دایم و دەرەم ئەگیریت، بەسە بەس وەناو  خوا ئیمرۆ نابەیانی هەرتێنەوەو  وەیەکتر  شاو شوکر ئەوینەوە)... قەدەم  خێر (2) کەبەرێکەوت  بێرەدا تێپەڕببوو، ئەمەی بە فانۆسی لە خوا تەنیاتر وتبوو، فانۆسیش لێی چرپیبوو قەدەم خێر قەدەم خێر مەڕۆ ،  ئەمە نامەی جوانەیە بیوە بۆ لای خوێنەوارێ بزان چی نوسیە، قەدەم ئەمەی گوێ لێ دەبێ و دەگەڕێتەوە، نامەکە دەباتە لای هاشم ئەفەنی و تکای لێدەکا  وەک خۆی بیخوێنێتەوە، دەقی نامەکە وەک خۆی:

دایکی گەورەم فانۆس

دەستەکانت ماچ دەکەم

تکایە چاوەڕوانی من مەکەن و بە هەناریش بێژن کراسە کودەرییەکەم بۆ ئەو..

کچی خۆت جوانە

پەراوێز:

-1بیست و چوارکەس   لە خێزانەکەی، لەناویاندا کچی  زۆری خۆش دەویست، ئەنفال و

بێسەروشوێن کران.
-2ژنێک بوو بەتەمەن،خۆی و منداڵەکانی جگە لە(ئیکرام)ی کوڕە گەورەکەی ئەنفال کران.

# نەزیرە(1 )

پێش ئەوەی لەماڵ دەرچن نەزیرە بە خونچەی (2)وتبوو: کچە جوانەکەی دایکی(دایکی،) دەم و چاوی خۆت بەناخوێن هەڵدڕە، بازنەکان لەمەچەکت دەرکە و ئەو کراسە ئاورێشمییەش لەبەر داکەنە و ئەو کراسە قەدیفە ڕەشە لەبەر ، خونچە گیان دوێنێ شەو بەدەنگی دایکم وەخەبەر هاتم، ئەو لەخەوما پێی ووتم کاکەت غەفوور(3) بەسەر ڕچەڕێی باخەسەندا بەرەو ئێرەدێ، نەزیرە ڕۆڵە خۆ شێت نەبووم بێژم بەشکو هەواڵی کاکە خورشید(4)تی هێنابێ؟ ئاخر ڕۆڵە تووخوا خورشید مەزلوم بوو، ئەو لەدارەی دنیا لە غەسان زیاتر شکی نەدەبرد ئەوتا نەزیرەگیان جامانەکەی لە ملی پێچاوەو نزیک بوەتەوە، ڕۆڵە شەرتبێ هەواڵی خورشیدی پێبێ کراسێکی چاوە چۆلەکەت بۆ بکەم و کەمەرەیەکی زیویش بۆ ڕۆژی زەماوەندی دیاری کردنەکەت بێنم ... خورشید پێش ئەوەی ماڵئاوایی بکا بە دایکی وتبوو، دایە ئیتر من نابیننەوە، ئەویش لێی پاڕابوەوەو وتبووی :
کوڕە شرینەکەم هێشتا سەیوان منداڵە و ناتوانێ بەناوی باوک بانگت بکا،
ئاخر هێشتا زووە بۆ ڕۆیشتن و پەلە مەکە..
ئەو خورشید لەچاو ونببوو،
خەڵکی ئاوایی گشت هاتبوونە دەر...
ئەویش هەرهاواری دەکرد مەڕۆ خورشید مەڕۆ ڕۆڵە،
نەزیریش لە خەو ڕادەچەنێ و خونچەش باوشی پیادەکا و
چیە میمی گیان ئەوە بۆ ڕەنگت تێک چوە؟
پەراوێز:
-1دانیشتوی گوندی قەواڵی بوو، دوای شەش مانگ زیندانی لە دووبز گەڕایەوە.
-2خوشکەزای نەزیرەیە.
-3براگەورەی نەزیرە بوون و لە ئەنفالدا بێسەروشوێن کران.

کوێستان(1 )

کوێستان هەردوو باسکی خۆیی داخ کردبوو، ئەو پێش ئەوەی لە گوند وەدەر بن بەباوکی وتبوو: باوکە مامە سلێمانی دلبەرخان کەی بەپیریمانەوە دیَ باوکی پێی وتبوو: ڕێکە باوکە مشوارێکی تر.. کوێستان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: باوکم قارەمانێکی دۆڕاو بوو، چونکە نەیتوانی من و ئەختەری خوشکم لەچنگی جەلادێک لە یەکەم نیگای بۆ ئێمە بگوازێتەوە و ئەو وەک ئەوەی هەست بکا قارەمانێکی دۆڕاوەو هیچی پێناکریَ، بۆ دواجاریش سەرێکی هەڵنەبڕی و تەماشایەکی ئێمەی نەکرد، ئێمەش تەنها ئاوەسی کراسە ئەنگۆرەکەی دایکمان گرتبوو، ڕوومەتی دایکم لەشوێن نینۆکەکانی خۆیەوە تک تک خوێنی لێدەچۆڕا، دایکم بەچپەیەک بە حەلاوی(2) وت: باوانت شێویَ نامووس و حەیسەتمان تک تک تکان، ئەوەبۆچی پیری قەرەچێواریش بە ئاهی هەناسەمانەوە نەهات؟ ئاڵتوون(3) بەناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا خۆیی گەیاندە دایکم و وتی: کورە باوانت برمێ بەبەرچاوی خۆمەوە ئاوێنە و شانەکەیان لە گیرفانی جەبار دەرهێنا و شکاندیان و شمشاڵەکەی نامیقیشیان وردو خاش کرد، تۆ ئێژم ژنە کۆس کەوتەڵەکە چاوەڕوانی چیت؟ کوێستان دەڵێ: جەلادەکە نزیکتر دەبوویەوە و وەک ئەوەی بیەوێ بەمن بڵێ: ئاوەسی کراسەکەی دایکت بەردە و تۆ غەنیمەیەکی گەورەی بۆمن، منیش زریکاندم و ئاگام لە خۆم نەما، ئیتر لەوێوە من بووم بەکچی لم و کچێنیشم ئاوێتەبوو بەلم....

پەراوێز:

1. کچەمامی نوسەرەو تێکڕایی خێزانەکەی کوێستان ئەنفال کران.
2. لە نوگرەسەلمان گیانی لەدەستداو دانیشتووی گوندەکەی کوێستان بوو.
3. خۆی و مناڵەکانی و مێردەکەی ئەنفال کران.

# زەکیە(1 )

کە ڕەوە کولەی ئەنفال گەیشتە گوند و زەکیە و دەستە خوشکەکانی ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە، سێبەری سەکۆکانی ئێواران بێبۆنی ڕەیحانە مانەوەو کەس نەما بۆنی بەرکوڵی عەسرە چایەک بگەیەنێتە ناو مەجلیسی پیاوە ریش سپیەکان، زەکیە پاش بیست ساڵ ئەم قەسیدەیەیی بەڕێگای ناسنامەکەیدا ناردبووەوە بۆ نیشتمانی پڕ

لەقارەمانی دۆڕاو، لەپێشەکی قەسیدەکەیدا نوسیبووی: تەنها خوا بۆی نیە ئەم قەسیدەیە بخوێنێتەوە..

دەقی قەسیدەکە:

خودایە گوناهم نەبوو
تالەم لمستانەدا بەلم غوسڵی لەش پیسیم بکەم و
بەلمیش دەست نوێژبگرم و
تەنانەت خوێنی ئاڵی کچێنیشم بەلم بسپێرم
خودایە گوناهم نەبوو
تا تۆ جاڕی هەڕاجکردنی من بەلم بسپێری و
بە جەلادی عەرشی لمیش بڵێی
تۆ سەرپشکی بە سەودای نرخی زەکیەکانەوە
خودایە گوناهم نەبوو
کەهەواڵی تاساندنی منت بەدایکم نەوت و
پێت نەوتم ئەڵقەی دیاری کردنەکەم بۆ نەجیب لەکوێی ئەم بیابانەدا دزرا
ئاخر تۆ پێت نەوتم
ئافتاوی دەستە خوشکم کوێوە چوو؟

پەراوێز:
ئایا لێرەیە
لەم ماڵە پڕ لە خوێنەی تەنیشتی من؟
هۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆووووووووووووو
خەڵکی گوند کێتان دەنگم دەبیستێ
کەس پرسیار نەکا لەکوێم
تەنها هاتووم پێتان بڵێم
بۆنی ناسنامەکەم بکەن
ناسنامەکەم پێتان دەڵێ:
من تازە نابمەوە زەکیەیی جارانی گوند
من تازە ناتوانم ڕەیحانەکانی سەکۆی بەر ماڵەکەمان ئاو بدەمەوە
من تازە ناتوانم بچم بۆ کانی کلاو کوڕەو
پڕ مەتارەیەک ئاوی پاک بوونەوەی یەکەم شەوی
بەغەدر شکان و رژانی کچێنیم بێنمەوە

من تازە ناتوانم کل و کلدان
لەگەڵ دەستە خوشکەکانم بگۆڕمەوە
بیرتان نەچێ بەنەجیب بڵێن
بالەوە زیاتر چاوەڕوانی من نەبێ
بەدایکیشم بڵێن
با ڕەیحانەکانی سەر سەکۆی بەر حەوشە ئاو بدا
چوون من نایەمەوە
بەپێغەمبەری خواش بڵێن پێویستیم بەپاڕانەوەی ئەو نیە
چوون گوناهەکانی عەبدایەتیم بۆ خوا
هەموو وەرین
بە قوتابیەکانی نامیقیش بڵێن
نا ئەتوانن شمشاڵ بژەنن
چوون نامیق ناگەڕێتەوە
پەراوێز:
-1تەنها کچی خێزانەکەی بوو، لە ئەنفالدا بێسەروشوێن کرا.

# شوکریە(1 )

)من(من بەمناڵیش شوکریەم خۆش دەویست.) ئەمە وتەی یەکێک لە هاو پۆلەکانی شوکریە بوو، شوکریە کچی سێیەمی خێزانەکەی خۆیان بوو، هەمیشە ئارەزووی دەکرد کراسی ئەنگۆرەی تەختە سپی و گوڵ هەناری لەبەر بکا، زۆر تریش کەیفی بە هاوڕێیەتی کوڕە هاو پۆل و هاو ساوە سەلەوانەکانی دەهات تا کچان، ئەو هیچی لێبە جێنەما تەنانەت یادەوەرییەکانیشی لەگەڵ خۆیدا لە بوخچەیەک نا و بردی و نەگەڕایەوە، باوکی شوکرییە لەباسی یادەوەری شوکریەدا دەڵێ:
شوکریە هەموو شەوێ دێتە خەونم و
دەڵێ:
باوکە بۆچی ڕەشبەڵەکەکانی دێ وەک جاران دەنگی دەهۆڵ و زوڕنایان نایە؟
ئەو یەخەم بەرنادا و
دەڵێ:
نامیقی شمشاڵ ژەن وەک جاران شمشاڵ بۆ هەموان دەژەنێ؟

ئەو پرسیار دەکا و دەڵێ:
بۆچی وەک جاران نامگریتە باوش و
نوقڵی ترش و شرینم بۆ ناکڕیت؟
ئەو دەپرسێ کوڕەکەی هاوڕێم وەک جاران خۆشی دەوێم؟
من.................

پەراوێز:
-1بێدەنگ ترین و هێمنترین کچ بوو لەناو هاوڕێکانیدا.

# سووعاد(1)

خورشید یان مام خورشید(2) لە هەموو مرۆڤەکانی گوند فەقیر تربوو، ئەو لە خۆشەویستی و ڕێز زیاتر هیچی تری نەدەزانی ، لە نوکتە و قسەی خۆش زیاتر هیچی نەدزانی ، ئەو کەنینۆکی کەسێک لەگوندا ئازاری بوایە لە جارێ زیاتر دەچوە هەواڵپرسینی، گوند بە مام خورشیدەوە جوان بوو، بەڵام خویشی پەیتا پەیتا دەیوت نا مام خورشید بە گوندەوە جوانە، سووعاد کە یەکێک بوو لە مناڵەکانی مام خورشید پێش ئەوەی گوند بەجێبێڵن بەباوکی وتبوو: باوکە ئاواتی(3) خوشکم دەڵێ: خەونم دیوە ئەترسم ئیتر لەگەڵ خەڵکی گوندا یەکتر نەبینینەوە؟ مام خورشید ڕاچەڵەکینێکی ناوەختی بۆ کرد و سووعاد کچەکەم ئەوە چیت وت؟ هیچ باوکە باسی خەونەکەی ئاواتم کرد، ئا باوکە ئەو دەیوت: باوکم وەک ڕۆژانی تر ئاسایی نییە و شڵەژاوە، ئێ باوکە ڕاستیش دەکا چونکە تۆ ڕۆژانی تر ئێمەت فێری (دارا دوو داری دی) دەکرد و بەردەوام باسی چیرۆکی کڵاو کوڕە فەقیرەکەت بۆ دەکردین، کەچی ئەوەتا ئێستا چاوەکانت چوون بە قووتا و سمێڵە ماش و برنجیەکەتیش پێناکەنێ و تەنانەت ئەم ئێوارەیە ماچیشت نەکردین. ئەڵێم باوکە باتۆزێ بچینە سەر تەپەی ناو دێ، وابزانم ئەوە دەنگی شمشاڵەکەی نامیقەدیَ، ئا باوکە توخوا یەک تۆز بڕوابکە زۆر نزیکە ، ڕەنگە ئەم جارەش وەک جارەکانی تر هاتبێتە قەورە شەهیدەکە و
دووریش نییە بیەوێ بەدەنگی شمشاڵەکەی هەواڵێکی خۆشمان پێبدا، باوکە چیت وت بڕۆین؟ دەنگی شمشاڵەکەی نامیق نزیک تر دەبێتەوەو سووعاد زیاتر ئارامی لەبەر دەبڕێ، ئاواتیش خێرا خێرا بە سووعاد دەڵێ: سووعاد سووعاد ئەوە دەنگە دەنگی

خەڵکە دێ، سووعاد گوێم لێبوو ئەیانوت ئەبێ ئەمشەو لە گوند دەرچین. دوای ئەوەی لەڕێگادا لەیەکتری دابڕابوون مام خورشید لەنامەیەکیدا بۆ سووعادی نوسیبوو:

)ببورە کچی خۆم نەمتوانی بۆ تەنها یەکجاری تر ماچی هەناسەی چوون بەفر سپیتان بکەم ...

پەراوێز:

-1دوای شەش مانگ لە زیندانی نوگرەسەلمان هاتنەوە دوای ئەنفال.

-2باوکی سوعادبوو، زۆر قسە خۆش و سادەبوو لەگەڵ دەوروبەریدا.

-3کچەگەورەی مام خورشید بوو. ئەم خێزانە کوڕوکچیان لە نوگرەسەلمان گیانیان لەدەستدا.

# ئاسکە(1 )

نادر(2) بە بەدەم ڕێوە وتبووی دایکە ئاسکە تەنها چارەیەک من هەمبێ دەتوانم پڕ بە هەستم ماچی دەستی تۆ بکەم و بڕواش ناکەم جارێکی تر بتبینمەوە، ئاسکەش وەک لوتفی دایکایەتی خۆی و پیشەیی هەمیشەیی وتبووی: نادر گلارەی دیبیەم قسەی وامەیەژە چونکە تۆ خۆت ئەزانی من لە هەموو منداڵەکانم زیاتر خۆش ئەوێی. نادر وەک ئەوەی ئاگادار بێ لەوەی دایکی نابینێتەوە توند توند بۆ یەکەم جارە پڕ بە تاسەی دایکایەتی ماچی دەستی دایکی دەکا و فرمێسکەکانی دایکی دەکەوێتە سەر دەستی و ئیتر

بێئاوڕ دانەوە لە پاین دێوە بۆی دەر دەچێ. مەجیدی باوکی نادر بە پرتاو خۆی دەکا بە حەوشەداو دەڵێ: ئاسکە هۆ ئاسکە ئەوە نادر بۆ کوێ ڕۆیی. هیچ وەڵامێک نییە و ڕوخساری دێ دەبێتە تاریکستان. ئاسکە بۆ دایکی نامیقی شمشاڵ ژەنی گێڕابووەوەو وتبووی:

نادر شەوێک هاتە خەونم و دەیوت:

بۆچی هێڵاتان ئەو جەلادە

ئەڵقەی پەنجەی دەزگیرانەکەی من (3) بشکێنێ و

تاڵ تاڵ پرچی دەسکەنە بکا

بۆچی هێڵاتان ئەو جەلادە

کراسی بلورینی بەری دەزگیرانەکەی من بدڕێنێ و

مێخەک بەنەکەی ملی ببڕێتەوە

بۆچی هێڵاتان ئەو جەلادە
سۆتکەکانی گیرفانی دەزگیرانەکەی من فرێدا و
ناو دەمی پڕ لە لیکی قەباحەت بکا
بۆچی هێڵاتان ئەو جەلادە
نامەکانی دڵی من بسووتێنێ و
بەسواری عەرشی غرووریی خۆیدا
بۆ بەتاڵ کردنەوەی غەریزە ترسناکەکانی خۆی شۆڕ بێتەوە
دەمەهێڵە دایکە
ئەو جەلادە
ئەوەتا لەسەر دڵم جاڕی بێکەسی من و
دوا تروسکایی ڕۆحم دەدا
دەمەهێڵە دایکە
ئەو جەلادە
ئەوەتا تریقەی پێکەنینە ناشرینەکانی تەواو وەڕەسی کردووم و
تەواو هەست بە نەبوونی خۆم دەکەم دایکی نامیق ئەوە چی بوو
هۆ نادر هۆ نادر
گلارەی دییەم تۆ لە کوێی

پەراوێز:

-1ئەم ژنە دانیشتوی گوندی وارانی خۆی و مناڵەکانی جگەلە نادرو سیروان و بورهان، ئەنفالکران.

-2کوڕی ئاسکە بوو، ئەو پێشمەرگەبوو،دوای ئەنفال وەک پارتیزان مایەوەو لە بەهاری 1991 شەهید بوو.

-3ناوی خوازراوی خۆشەویستەکەی نادرە.

# خورشیدە(1)

دانیشتوانی گوند بە خورشیدەیان دەوت: پەپولەی بێزەواڵ... خورشیدە لەسپی سپی ترو لەخۆشەویستی گەورەترو لە بێگوناهیش گوناهتر و لە کڵاو فشنەش فەقیرترو لەیەکەم شەوی بوکێنی خۆیشی بێکەستر بوو، ئەو بە تاریقی(2) وتبوو هەناسەی دایکی من

لەلێواری ڕووباری ئاوەسپیدا م و پوزەوانەکانی تۆ دەشۆم، ناوی دڵم بیرت نەچێ کەڕۆیشتی بانگێک و بە پڕ تاو لەلاتم. ئەوساو ئێستاش تاریق بانگ دەکا و خورشیدەش بانگ دەکا ، کەسیان گوێیان لەوی تر نییە و تەنها ئەوانەی بە ڕێبواری بەوێدا تێپەڕ دەبن، گوێیان لە دەنگی دایک و کوڕێکە بووە بە ئاوازی گۆرانییەکی پڕ دابڕان و گوێی دارو بەردو تەنهایی و پەلەوەرەکان دەسمێ.

پەراوێز:

-1ژنێکی سادەو هەژاربوو، ئەنفال بێسەروشوێنی کرد.

-2کوڕی خورشیدەبوو، لەکاتی پەلاماری ئەنفالدا لە گوندی چەوری ناوچەی داودە شەهید بوو.

# خەزاڵ(1)

خەزاڵ تەنها کچێک بوو کەنادر خۆشی دەویست و ئەویش بە هەمان شێوە، تائەم ساتەش کەس نازانێ خەزاڵ چی بەسەر هات و لە کوێیە. دوای خەزاڵ ئەم قەسیدەیە نوسراو دەماو دەم دەگێڕڕێتەوە :

کچێک بوو لە دەرەوەی بازنەی خوداوەند
عەشقێک بوو تەنها لەخۆی دەچوو
حیکایەتێک بوو کەس نەیگێڕاوەتەوە
قەسیدەیەک بوو هێشتا نەنوسراوە
کاراکتەری ڕۆمانێک بوو کەس نەیهێناوەتە ئاخاوتن
ئەو هەموو جار بەنادری دەوت:
لە هەر جێگایەک منت لێونبوو
بەزمانی یەکەم ژووانی عەشقمان بانگم بکە لەوێدەبم
لەهەر جێگایەک خۆتت لێون بوو
بەزمانی ماسیەکانی ئاوەسپی بانگم بکە لەوێدەبم
ئەو هەموو فیشەک دانەکەی نادری پڕ دەکرد لە عەشق
ئەو هەموو گیرفانەکانی نادری پڕ دەکردلە مێخەک و بەیبوون
ئەو هەموو تەنهایی نادری پڕ دەکرد لەبوون

ئەو هەموو   ئارەزووەکانی نادری پڕ دەکرد لەخۆیی
ئەو هەموو   بەنادری  دەوت دەزانی من لە تۆ زیاتر
شێتانە خۆشم دەوێی
ئەو لەسەر بەردەکانی مازووخ ناوی نادری هەڵکۆڵیبوو
نادریش لەسەر چاوی چەپی ڕۆحی
نادرو  خەزاڵ دوانەی قەدەرێک بوون
هێشتا زوو بوو
بۆ ئەوەی چیرۆکی دابڕانیان لێرەوە دەست پێبکا
لەزەماوەندێکا  نادر وتبووی  خەزاڵ
خەزاڵیش نەیهێڵابوو قسەکەی تەواو بکا
وتبووی ئارامبگرە  هێشتا ئەستێرەکان نەنوستوون

پەرویز :
-1وەک  وتمان ناوی خوازراوی دەزگیرانەکەی نادرە.

# شەوکەت(1 )

شەوکەت شەو درەنگانێگ لە ماڵە قورینەکەی هاتبوە دەرو  بەگاکۆڵکیَ خۆی گەیاندبوە کەپرە بە ژاژ چنراوەکەی خەیری(2)،  خەیری پێی وتبوو: بسمیلا شەوکەت چی قەوماوە وا بەم تاریکە شەوە  هاتوویە  ئێرە؟ شەوکەتیش لەوەلاٌمدا  وتبووی: خەیری ئەژنۆم شکا، یێژن شنۆی(3) تاقانە کچم  لەو عەرەبستانەوە کاغەزێکی ناردوەتەوەو  خۆ تۆ ئەزانی من چاوم کوێرەو  نازانم هیچ بخوێنمەوە، ئیَ خەیری وتم وەیەکەوە  بچین بۆ لای کوڕەکەی(4) نیعمەت و  بابۆمانی  بخوێنێتەوە. حەپە حەپی سەگەلی ناودیَ و واقە واقی چەقەڵ و ڕێوییەکانی دەرەوەی دیَ، لەگەڵ دەنگی پێی ڕۆیشتنی شەوکەت و خەیری بەرەو ماڵی نیعمەت زۆر تر  دەبوو. کەگەیشتنە  دەرگای ماڵەکەی نیعمەت لەترسی  سەگە هەوشارەکەیان یەک دوو مستە کوڵەیان سرواندە  ئەو خانوە  قوڕینەی نیعمەت و(کە) هەرسیَ منالەکەی تیا دەنووستن، نیعمەت ڕاپەڕی و هاواری کرد: ئەوە کێیە؟ نیعمەت  باوکە  من و خەیرین، هاتووین کاغەزێکمان پێیە سمایل بۆمانی بخوێنێتەوە.
شەوگار لەناو تاریکایی خۆیدا پلی دەخوارد و بۆنی بنجە تەڕوەکانی خڕە بەردەکەی

لاتەنیشت ماڵی نیعمەت دەگەیشتە ماڵی ناو حەوشەکەیان. ئەگەر چی شەوکەت و خەیری و نیعمەت بە هێواشی گفت و گۆیان دەکرد، بەڵام سمایل دوای ئەوەی بەرێکەوت لە عەرعەرەوە گەڕابووەوە وەک نێچیری بریندار وابوو، بۆیە بە ئاگا هات و وتی: نەنە شەوکەت و خەیری خێر بیَ ، خۆ هیچ ڕووی نەداوە؟ دوای ئەوەی کەسمایلیان تێگەیاند، سمایل کاغەزەکەی کردەوەو دەستی بە خوێندنەوەی کرد:

شەوکەتی خێر لە خۆ نەدیو
تۆ ئیتر ناتوانی کراسێکی جەرسەی مۆر بکەیتە بەری من و
باوکیشم شەوێک هاتە خەونم و وتی:
بەشەوکەتی دایکت بڵیَ بەتەمای ئەوەش نەبیَ لە قیامەتا یەکتر ببینین
ئاخر کچەکەم ئێمە من و نامیق و شمشاڵەکەی قیامەتمان لێرە
لە گەڵ دواترپەی دڵی خۆمان و
ئاوێنە و شانەکانی گیرفانەکانی خۆمانداکرد
باوکم زۆر کلۆڵ بوو
شەوکەتی دایک ئەو دەیوت:
شنۆ کچە ڕوومەت ژاکاوەکەم
بەدایکت بڵیَ:
تەریقەتی هیچ شێخ و مەشایەخێک نەپەرسیَ
چونکە ئەوان نەیانتوانی نوشتەی پاکبوونەوە بۆ خۆشیان بکەن
نوێژ مەکەن چونکە نوێژەکانمان بەتاڵ بوون لە گووناه
دایکە من نازانم کیَ ئەم نامەیەم دەگەیەنیَ
چونکە ئێستا من خۆیشم ناناسم و
پڕ بووم(بوومە) لە نامۆیی
بەڵام بیرت نەچیَ
هەموو ڕۆژیَ قاپلەمەیەک ئاو
بکەرە گۆزەی سەوڵەکان و
پێیان بڵیَ:
من دوورم زۆر دوور لەوان

پەروێز:
-1تەنها کچ و کوڕێکی بوو لە ئەنفالدا بێسەروشوێنکران .
-2تەنها خۆی لە ئەنفال ماوەتەوەو هەمیشە دەگری.
-3کچە ئەنفال کراوەکەی(ئەنفالکراوەکەی) شەوکەتە.

# گوڵباخ( 1)

جەلادێک ڕۆشتبوە ڕێگای گوڵباخ و پێی وتبوو:
شەوێک لە جوانی خۆتم بەریَ
دەتگرمە زێڕ و
کۆشکێکت وەک جوانی خۆت بۆ درووست دەکەم
گوڵباخیش پێی وتبوو
کوڕی سەگ مەرگی تۆو پاشان شەوی مەرگی من بۆ پرسەی مەرگی تۆ
ئیتر گوڵباخ ون دەبیَ و
سەوسەنی دایکی وێڵی دوای دۆزینەوەی دەبیَ
سەوسەن هەر دەگەڕیَ و هیچ هەواڵێکی دەست ناکەویَ
تادواجار ساڵەحی هاوڕێی نامیقی شمشاڵ ژەن
دێتە خەونی سەوسەن و پێی دەڵیَ:
گوڵباخ بوە بە دار عەنبەرێک لە بیابانی عەرعەردا و
ڕەگی ئاهی هەناسە تاساوەکانی تا دیَ بە خاکدا ڕۆدەچیَ

پەراوێز:
-1لە(1. لە) هەموو خێزانەکەیان کەژمارەیان زیاتر لە بیست کەس دەبوون ئەنفال کران و بیَ سەروشوێنن. ( هەموو خێزانەکەیان، کە لە بیست کەس زیاتر بوون، ئەنفال کران و بێسەروشوینن.)

ئاوات( 1 )

ئاوات کچی ئەو پیاوە فەقیرە بوو کەنەیتوانی وەڵامی پرسیاری سووعادی کچە ناوەنجییەکەی بداتەوەو نەیپەرژا دوا ماچی بەر لە فیراقیان بکا، ئەو تەنها ئەم نامانەی عەرەبستانەوە بۆ کوردستان نوسی :

نامەی یەکەم:

باوکە پەریزاد لێرە مرد و
نەمانتوانی تێر بۆی بگرین

نامەی دووەم:

نەنە حەلاو ئەو جەلادە
بەدار حەیزەرانەکەی دەستی
چاوی پەریزادی تەقان و
هەناسەشی لاقە کرد

نامەی سێیەم:

من چیرۆکێکم ئەزبەرە
کەستان نایزانن
بەڵام ئێستا – نا
لە دەرفەتێکێکی تردا
بۆتانی دگێڕمەوە(دەگێڕمەوە.)

نامەی چوارەم:

دایکە توو گەورەیی خوا
کە بە ئاهی هەناسەمانەوە نەهات
باسی بەسەرهاتی من بۆ جوتیاری دەزگیرانم
مەگێڕەوە

نامەی پێنجەم:

شێرزاد من لێرەم
ئەگەر هاتی بۆ ئێرە
بیرت نەچیَ

لەتێک ئاوێنەم بۆ بێنە

نامەی شەشە:

مەجید پێم بڵێ
نامیق ئێستاش شمشاڵ دەژەنی

نامەی حەوتەم:

نەنە شەمە  من لێرە
خۆمیش ناناسمەوە

نامەی هەشتەم:

بۆ مەلا ڕەحمان
پاش سڵاو
ئەری زەحمەت نەبی
پەڕە  دڕاوەکانی قورئانەکەت کۆ کردەوە

نامەی نۆیەم:

بۆ حەمە جان
سڵاو
بیرم دی بەتۆیان  دەوت شێت
ئێستا لە کوێی

نامەی دەیەم:

من ناتوانم بێمەوە
ئاخر من پڕ بووم  لە سووتان و نامۆ بوون

پەراوێز:

1. دوای شەش مانگ لە زیندانی نوگرەسەلمان هاتەوە، ئەو لە زیندانیدا دەیان بەیتە شیعری لەبەرکردەو وتوەتەوە  کە گوزارشت لە ناسۆری مەینەتی زیندان دەکەن.

---

*کانی فتم ____کانیەك بوو لە نێوان گوندی قەڵاچەرمەلە و پیرە مەوەنی ، بەردەوام کیژنی هەردوو گوندەکە دەچوونە سەری و ئاویان لێدەهێنا .ئەم دوو گووندە دەکەونە قوڵایی ناوچەی گەرمیانەوە.

*گەرحا ____مێی نێو چاوان سپی، واتە مێیەك نێو چاوانی پەڵە پەڵەی سپی تیا بێ.

*قەرە برووت ____بە خۆڵە مێش بوون

کەڵۆز بەیاغار ____جێگایەکە لەسەر ڕووباری ئاوەسپی  بۆ شوێنی حەوانەوەی ئەوانەی کە لەسەر ڕووباری ئاوەسپی بێستانیان دەکرد بەکار دەهێنرا و لەهەمانکاتدا نوسەر لە جارێ زیاتر تیایدا پشووی داوە.

*برایەم سەمین ____ئیمامێکە و ئارامگاکەی لە ناوچەی گەرمیانە و دەکەوێتە خوارووی شاری کفرییەوە و لەوەرزی بەهاردا بۆ سەیران خەڵکی ناوچەکە دەچنە ئەوێ.

*گەوەڵ عەساف _____ڕەزێکی بژوێنە و دەکەوێتە سەر ڕووباری ئاوەسپی ، لە نزیك گووندی گەرمك کەدەکەوێتە سنووری ناوچای داودەی گەرمیانەوە.

*کانی شاواز ____ناوی کانیەکە لە نێوان گووندی بنەی خەپە کوێرو قەڵاچەرمەلەدا ، ئەم کانیە زۆرتر شوۆخان و گووند نشینانی قەڵا چەرمەلە دەچوونە سەری .

*مازووخ ____زنجیرە چیایەکی بەردەلانیە و بەسەر ڕووباری ئاوەسپیدا دەڕوانێ، هاوکات دێیەکانی سنووری داودەی گەرمیان دەکاتە دووکەرتەوە.

*ترێ ترێ ____جۆرێك یارییە و خەڵکی گووند بەکاری دێنن.

*خۆراسان ____چیرۆکی ڕاستە قینەی کچێکی گەرمیانیە و دەماو دەم دەگێرڕێتەوە.

*یارخەزاڵ ____ناوی یەکێك لە گوارانیە ناسراوەکانی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانیە.

*عاگووڵ _____جۆرێك دڕکە و لە شوێنی نەرماندا دەڕوێ.

*کڵناشك _____ساقی وشکەوە بووی قنگرە.

*تەروو _____جۆرێك درختە و بەردەوام گەڵاکانی تەڕە و بۆنی زۆر خۆشە.

*کانی گوڵ مژی ____کانیەك بوو لە خۆرئاوای گوندی قەڵا چەرمەلەوە بوو ، وەرزی بەهار دەتەقی و یەکێك بوو لە سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەی گوندەکە.

*گوێ بەرخە ____ڕوەکێکە لە گوێی بەرخ دەچێ و لە وەرزی بەهاردا دەڕوێ.

*سووڕناتك ____جۆرە ڕوەکێکە لە وەرزی هاویندا دەڕوێ و هەمیشە ئاژەڵی سپی و ڕەش مەراقی خواردنێتی لە گەڵ ئەوەشدا زۆر کوشندەیە بۆ ئاژەڵ..

*باخە سەن ____باخی حەسەن ، باخێکە دەکەوێتە نزیك سەیرانگای خۆرنەوەزان و بەسەر ڕووباری ئاوەسپیدا دەڕوانێ.

*بەفری سوور ____دەگێڕنەوە لەگەرمیان یەك جار و لە کۆندا بەفری سوور باریوە.

*وەکاشە ____ناوی یەکێك لە ئیمامەکانی گەرمیانە و دەکوێتە نێوان گووندی تووکن و عەزیز قادرەوە ، ڕۆژانی چواشەموان و لەپێش ئەنفال گوندنشینانی ناوچەکە دەچوونە زیارەتی و زۆر جاریش هاتنەکان بۆ مەرازگرتنەوە بوو، بەتایبەت قەیرە کچان.

*تەرانژگە بەرد ____ئەوبەردەی کە دشکێنرێ و شوان و جوتیار لە بری چەقۆ بۆ حاڵەتی نائاسایی وەك سەر بڕینی ئاژەڵ یان پەلەوەر یاخوود خواردنی میوەی جۆراو جۆر کەپێویستی بە چەقۆ بێ بەکاری دێنن.

*چاوەچۆلەکە ____جۆرێکە لە کووتاڵی ئافرەتانە و گوندنشینان زۆر بەکاری دێنن بەتایبەت لەوەرزی هاویندا.

٭میمی ______پوور

٭کۆست کەوتەڵە ____بەشێوەزاری گەرمیانی بەو کەسە دەوترێ کەکەسێکی نزیك و خۆشەویستی بمرێ.

٭ساوەلەوان _____بەو مێرد منالأنە دەوترێ کە بەرخ و کارژۆلە دەلەوە ڕێنن.

٭جەرسە ____کوتاڵێکی ئافرەتانەیە و زۆر تر لەوەرزی زستاندا ئافرەتان بەکاری دێنن.